Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10319

# کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لەسەر دەستهات لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و بۆچوونیان (ئاراستەیان )دەربارەی بابەتی کۆمەڵایەتی

کریم احمد عزیز، کنعان اسماعیل عبدالله

بەشی باخچەی ساوایان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی (کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لەسەر دەستهات لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و بۆ چوونیان (ئاراستەیان دەربارەی بابەتی کۆمەڵایەتی)، لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجە توێژەر پشتی بەستوە بە دیزاینی (نیمچە کۆنترۆڵکراو) کە بە گونجاو و شیاوی زانیوە لە گەڵ ڕێکارەکانی ئەم توێژینەوەییە. کۆمەڵگەی توێژینەوەش بریتیە لە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی قەزای کەلار لە سنوری پەروەردەی کەلار، بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوە توێژەر بە مەبەست قوتابخانەی ئاران ی بنەڕەتی هەڵبژارد و بە شێوەی (هەڕەمەکی سادە) دوو گروپی هەڵبژارد و هەردوو گروپە لەم گۆڕاوانەدا هاوسەنگکران( نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی ساڵی پێشوو- تەمەن – ئاستی زیرەکی- ڕادەی خوێندواری دایك وباوك – تاقیکردنەوەی زانیاری پێشینە ). هەروەها توێژەر بۆ دیاریکردنی بابەتەکانی خوێندن لە ماوەی ئەزموونیدا، سێ بەندی پەرتوکی بابەتەکۆمەلایەتیەکانی هەڵبژارد، لەپێناو دارشتنی ئامانجەکانی توێژینەوە و بەپێ سروشتی ناوەڕۆکی بابەتەکە توێژەر(121) ئامانجی دارشت لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی بلۆم لە بواری مەعریفیدا بۆ هەریەکە لە ئاستەکانی (بیرهێنان- تێگەیشتن -جێبەجێکردن – شیکردنەوە)، پاشان توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك لەسەر دەستهاتی خوێندن کە پێکهاتبوو لە (35)برگەی تاقیکردنەوە لە جۆری (هەڵبژاردن و گوتاری)، هەروەها پێوەرێك بۆ ئاراستە لای قوتابیانی هەشتەمی بنەڕەتی کە پێکهاتبوو لە(30) برگە بۆ گەشەپێدانی ئاراستەیان، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستێتی و جێگیری ئامرازەکانی توێژەر شیکارکردنی ئاماری پێویستی ئەنجامدا بۆی دەرکەوت پێوەر و تاقیکردنەوەکەی شیاون بۆ بەکارهێنان، بۆ ئامارکردنی داتاکانی توێژینەوەکەی توێژەر پشتی بەست بە بەکارهێنانی بەرنامەی( spss26 ) بۆ شیتەڵکردنی ئاماری. ئەنجامەکانیش ئەوەیان دەرخست کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی پێشی وپاشی قوتابیانی گروپی ئەزموونی لە پێوەری بۆچوون بەراورد بە ناوەندە ژمێرەی نمرەکانی پێشی وپاشی قوتابیانی گروپی کۆنترۆلکراو لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونیدایە، هەروەها جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی دەستهات (دەستکەوت)ی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی بەراورد بە ئاستی دەستهات (دەستکەوت)ی گروپی کۆنترۆڵکراو ،لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونیدایە.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

کارایی، ستراتیژی کورسی گەرم، دەستهات، بۆچوونیان (ئاراستەیان).

***Corresponding Author***

Karem.ahmad@garmian.edu.krd

kanaan.abdulla@univsul.edu.iq

## 1- بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوە

### 1 – 1 کێشەی توێژینەوە :

توێژینەوە نوێیەکان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە ئەوستراتیژانەی لەئێستادا بەکاردەهێنرێن وەڵامدەرەوەی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونەکانی بواری وانەوتنەوە نییە، چونکە بەکارهێنانی ڕێگاوستراتیژی ئاسایی وانەوتنەوە تەنها سەرنج دەخاتە سەر ئەزبەرکردن و دەرخستنی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن مامۆستا ئامادەکراوە،(الساعدي،2015 :4 ) هەر بۆیە لەسەر چەندێتی زانیاریش هەڵسەنگاندنی قوتابی دەکرێت، ئەم ڕاستیەش لە لایەن هەریەکە لە توێژینەوەکانی (

عزيز،2009: 83) و ( ميكه ، 2009: 94) و ( السعدى،2002 : 2) لەوەها پرۆسەیەکی فێرکاریشدا ناتوانرێ بۆچوونی ئەرێنی گەشەپێبدرێت، بەتایبەت ئەو ئامانجانەی کە پێویستیان بە هەوڵی دەروونی و فکری و لێهاتوویی هەیە کەوا لە قوتابی بکات چالاك بێت لە دۆخێکی بەسەنتەرکردنی فێربووندا بێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە مامۆستا پێویستی بە بەکارهێنانی ستراتیژی نوێ وکارایی فێرکاری هەیە لە نێویشیاندا ستراتیژی(کورسی گەرم) کە ئایا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی بۆچوون و دەستهاتی زیاتر لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی کاردەکاتە سەر توانا و هزری و لێهاتوویی و سۆزدارییەکانی قوتابی (عبدالکریم،2016 :4)،

هەر بۆیە توێژەر ستراتیژی ئاماژەبۆکراوی کرد بەکەرەستەیەك بۆ توێژینەوە بەتایبەت ئەگەر ئەوە بزانین کە مامۆستایان لە وانە وتنەوەیاندا خوێندکارانیان بەجۆرێك ڕاهێناوە کە تەنها گوێگرن و بەشێوەیەکی کارا بەشدارنەبن لە وانەکاندا.

توێژەر لە ڕوانگەوە هەستکردن بە بوونی ئەم کێشەیە لە قوتابخانەکاندا وەك مامۆستایەك لە ناوەندەکانی خوێندن زیاتر لەمەڕ ئەم گرفتە هەڵوێستەی کردوە ، هەر بۆیە هەوڵیداوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژی (کورسی گەرم)وە گرفتەکانی توێژینەوەکەی بەشێوەی پرسیار بخاتەروو بەم شێوەیە :

- ئایا بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم ، کارایی دەبێت لەسەر بەدەستهێنانی دەستکەوتی قوتابیان پۆلی هەشتەمی بنەرەتی؟
- ئایا بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم ، کارایی هەیە لەسەر بۆچوونی قوتابیان پۆلی هەشتەمی بنەرەتی بۆ بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان؟

### 1 - 2 گرنگی توێژینەوە

بە کارهێنانی ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت قوتابی تەوەری سەرەکی وچەق چالاکیەکان بێت لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا، ئەگەر نا وانەوتنەوە نابێتە پرۆسەیەکی کارا و بەرهەمهێنەر و ئامانجە خوازراوەکان لە ئاستی ویستراودا بەدەست ناهێنێت، بۆیە باشتر وایە مامۆستا ئەو ستراتیژیەت و ڕێگا و شێوازانەی لە ناو پۆلدا دەیگرێتەبەر قوتابی تێیاندا کارا بێت و ڕۆڵی چالاك بگێڕێت. **(محمد،2015 :1)**

فێربوونی کارا ڕێگە بە فێرخواز دەدات قسە بکەن و گوێ بگرن و بخوێننەوە، هەروەها ڕاهێنانی چارەسەرکردنی کێشەکان لەخۆدەگرێت بەکاری گروپی بچووک، لێکۆڵینەوەی کەسی، مەشقکردنی کرداری و کارپێکراو و زۆر شتی تر، چەندین چالاکیی کە پێویستە فێرخواز بیر لە هەموو ئەو شتانە بکاتەوە کە فێری دەبێت و بەکاری بهێنێت **(علی،2011 :233)**

ستراتیژیەتی فێرکردنی کارا لەو ستراتیژیەتانەن کە فێرخواز دەخەنە جوڵەی بەردەوام و هەمیشە چالاك، بۆ ئەوەی لە بابەتەکە بێزار نەبێت وبۆچوونی ئەرێنی لادروست بێ دەربارەی بابەتی خوێندراو**(عەزیز، 2021 :50).**

فێرکردنی کارا یەکێکە لە ئاراستە مۆدێرنەکانی وانەوتنەوە و، مەبەست لێی ئەوەیە مامۆستا بابەتی وانە لە ڕێگەی چێژ وخۆشی و جوڵە و کاری گروپ و هەرەوەزیەوە پرۆسەی فێربوون بۆ قوتابیان مانادار بکات، بۆ ئەوەی زانیاریەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەبیرو هزری قوتابی بمێننەوە، چونکە لە ڕێگەی ئەم جۆرە فێرکردنەوە، قوتابی کارامەیی پێویست بەدەست دەهێنێت، هەروەها پەرە بە ئاراستە و ئارەزووی ئەرێنی دەدات . (عطية،2008 :388).

ستراتیژی(کورسی گەرم) بەیەکێك لە ستراتیژەکانی فێربوونی کارا هەژمار کراوە ،توێژینەوەکانی هەر یەکە لە ( ناصر:2019 )، ( عبدالكريم:2016 )،(السندي :2015) کارایی ئەم ستراتیژیان دووپاتکردوتەوە لەسەر دەستهات و گەشەپێدانی بۆچوون لای قوتابیان، ئەمە جگە لەوەی ئەزموونی خوودی توێژەر لە وانەوتنەوە بەو قۆناغە ئەوەیان بۆ دەرخست کە بەهۆی تەمەن و گەشەی جەستەیی ومەعریفیان قوتابیان بەگشتی ئارەزووی بەشداریکردن و چالاکی دەکەن لە وانەکاندا، ئەمەو هەر یەکە لە کۆنفرانسەکانی (2007 ) ، (2015) گرنگی وانەوتنەوەی بە ستراتیژەکانی فێربوونی کارا دووپات دەکەنەوە .چونکە ستراتیژەکانی فێربوونی کارا گەرەنتی ئەوە دەکەن کە قوتابی بە شێوەیەکی چالاك و ئەرێنی لە دۆخی فێربووندا بمێنێتەوە، هەروەها گرنگی ئەم ستراتیژیە لەوەدایە مامۆستا دەتوانێت لەڕێگەیەوە یارمەتی قوتابیان بدات لەگەشەپێدانی بەهاو بیرو باوەڕێکی دیاریکراو لە ناخ ودەروونی قوتابیەکانی، هەروەها هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر بە بابەتە پەروەردەییەکان لایان دروستدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا پەرە بە چەندین کارامەییان دەدات وەک خوێندنەوە و دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان.(السندي،2015 :372).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا گرنگە ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە گەڵاڵە دەبێت:

1-سوود گەیاندن بە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕووی چۆنییەتی پراکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بەم ستراتیژیەتە.

2 -پێشبینی دەکرێ ئەم ستراتیژییە وا لە قوتابی بکات زیاتر گرنگی بەوانەکانی بدات و کاراتر ڕۆڵی تێدا ببینن.

3 -ئەم ستراتیژییە وا لە قوتابیان دەکات چەندین لێهاتوویی وەک خوێندنەوە و دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان پەرە پێبدات و بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لەوانەکەدا بکەن.

4- بەسوودە بۆ توێژەران و بەشداری توێژینەوەکانی داهاتوو دەکات ، سەرئەنجام دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکرنی کتێبخانە و سەرچاوە کوردییەکان لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە .

5- توێژەر لەوبڕوایە دایە ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی( کورسی گەرم )لە بابەتی زانستەکۆمەڵایەتیەکان ، دەبێتە یەکەمین توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان .

6- گرنگی بابەتی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکان کە پەرە بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی قوتابی دەدات و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاک بەرز دەکاتەوە.

### 1 – 3 ئامانجی توێژینەوە :

- زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی(کورسی گەرم ) لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان/ مێژوو.
- زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی کورسی گەرم لە وانەوتنەوەی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/مێژوو گەشەپێدانی بۆچوونیان(ئاراستەیان )بەرەو بابەتی مێژوو.

### 1 – 4 گریمانەی توێژینەوە

گریمانەی یەکەم / ( جیاوازی مانادارى ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە دەستکەوتی قوتابیان لەبابەتی کۆمەڵایەتی/مێژوو لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی کەبابەتی وانەکانیان بەپێی ستراتیژییەتی ( کورسی گەرم ) پێدەوترێتەوە ، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت بەرێگەی ئاسایی وەردەگرن ).

گریمانەی دووەم: ( جیاوازی مانادارى ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لەئاڕاستە (بۆچوونیان ) قوتابیان بۆ بابەتی مێژوو لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی بەپێی ستراتیژییەتی ( کورسی گەرم ) وەردەگرن لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیان گروپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت بەرێگەی ئاسایی وەردەگرن ).

### 1 – 5 سنووری توێژینەوە

- سنوری مرۆیی : قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی قەزای کەلار لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار
- سنووری بابەت: بەندەکانی (یەکەم ، دووەم ، سێیەم)لە پەرتووکی (بابەتەکۆمەڵایەتییەکان/ مێژوو) چاپی یانزەهەم بۆ ساڵی( 2021 ) .
- سنووری شوێن : قوتابخانەی ئاران ی بنەڕەتی لە ناوەندی قەزای کەلار لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار
- سنووری کات : وەرزی دووەم ساڵی خوێندنی (2021-2022) .

### 1 – 6 پێناسەی زاراوەکان

#### 1-1-6 کارایی Effectiveness

- (شحاتة و النجار ,2003) بڕتییە لە **خستنەڕووی ڕادەی کاریگەری گۆڕاوێکی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکان"** (شحاتة،النجار ,2003: 230).
- (حمەمراد، 2019) " دیاریکردنی کاریگەری خوازراوە لەسەر ئەنجامدانی کردارە دروستەکان بەپێی پلانێکی دیاریکراو" (حمەمراد، 2019: 13).

#### 2-1-6 ستراتیژی Strategy :

- (الحيلة، 2001 ) " کۆمەڵێک ڕێکاری وانەوتنەوەیە کە مامۆستا هەڵیدەبژێرێت و، پلانی هەیە لە کاتی جێبەجێکردنی وانەوتنەوەدا بەکاری بهێنێت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە پێشکەوتووەکانی فێرکردن بە زۆرترین کاریگەری و بەرزترین پلەی لێهاتوویی و لە ژێر ڕۆشنایی تواناکانی بەردەستدا" (الحيلة، 2001 :173).
- پلانێکی ڕێکخراو بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان کە ئەو شێواز و تەکنیک و ڕێکارانە لەخۆدەگرێت کە مامۆستا دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەگەرانەی کە لەبەردەستدان (عطية،2008 :32).
- (زيتون،2001) " کۆمەڵە ئامادەکارییەکە پێشوەخت پلانی بۆ داڕێژراوە ئاراستە دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی وانە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراوە، بە کەمترین کات و هەوڵ وتێچوون" (زيتون،2001: 279).

#### 3-1-6 کورسی گەرم Hot seat :

- (الشمري،2011) " ستراتیژێکی ئاسان و سەرنجڕاکێشە کە دەکرێت لە هەر بابەتێکدا بەکاربهێنرێت وەک چۆن بە شێوازێکی کاریگەر دادەنرێت کاتێک مامۆستا دەیەوێت بەها و باوەڕێکی دیاریکراو دابمەزرێنێت و چەندین لێهاتوویی وەک خوێندنەوە و دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان پەرە پێبدات"(الشمري،2011 :46).
- (شواهين,2019)" ئەو ستراتیژییە کە لەسەر بنەمای پرسیارکردن لەلایەن قوتابی بۆ قوتابی یان مامۆستای بۆ قوتابی دامەزراوە بۆ ئەوەی فۆکوسی پرسیارەکان لە بابەتێکی دیاریکراو بێت بۆ قوتابیان" (شواهين,2019 :45).
- پێناسەی ڕێکاری توێژەر : " یەکێکە لە ستراتیژییەتەکانی فێرکردنی کارا کۆمەڵێک هەنگاو و ڕێکار لەخۆدەگرێت کە ڕێکخراوە یەک لە دوای یەک کە توێژەر لەگەڵ قوتابیانی گروپی ئەزموونی بەکاری هێناوە و چەندین لێهاتوویی وەک

خوێندنەوە و دروستکردنی پرسیار و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکان پەرە پێبدات و بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لەوانەکەدا بکەن بەپێی ئەو پلانانەی کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە" .

**4-1-6 ئاراستە( Attitude ) :**

-(علام، 2000) " پێکهاتەیەکی گریمانەیی کە وەڵامێکی هاندەرانە لەخۆدەگرێت کاتێک تاک رووبەرووی وروژێنەرێکی کۆمەڵایەتی دیار دەبێتەوە، ئەم وەڵامدانەوەیەش بە خەسڵەتی تایبەتمەندی هەڵسەنگێنەرانە جیادەکرێتەوە"(علام، 518:2000)

-(schram, 1961) " ئاراستە بریتییە لە حاڵەتێکی گریمانەیی ئامادەییە بۆ وەڵامدانەوە بە شێوەیەکی هەڵسەنگێنەر لە بەرژەوەندی یان دژی هەڵوێستێکی دیاریکراو" (schram, 1961: 209).

-(المخزومي،2001: 63) " دەرئەنجامی تێروانین و هەستی تاك بۆ بابەتێکی دیاریکراو، کە پاڵنەرێکە بۆ ڕەفتارێکی ئەرێنی یان نەرێنی"(المخزومي،2001: 63).

- پێناسەی رێکاری توێژەر : " ئەو حاڵەتە سۆزدارییە کە بە قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە لەلایەن قوتابیانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی نیشان دەدرێت کاتێک وەڵامی برگەکانی پێوەرەی ئاراستەیان بەرەرو بابەتی مێژوو دەدانەوە کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە، و بە کۆی نمرەی هەموو برگەکان" .

## 2- بەشی دووەم : لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### 1-2 ستراتیژی کورسی گەرم

### 2-1-2 چەمکی ستراتیژی کورسی گەرم

ئەم ستراتیژە بۆ یەکەمجار لەلایەن سارا یونغ( Sara Young,2008) توێژەر لە سەنتەری زمانەوانی کارپێکراوەوە پێشکەش کرا، چونکە ئەم ستراتیژە بە ستراتیژێکی کارلێککارانە تایبەتمەند بوو کە تیایدا چالاکییەکانی قسەکردن و گوێگرتن لەخۆدەگرێت ،بۆیە ناوی لێنراوە (کورسی گەرم) (**The hot seat**)، لەم ستراتیژیەدا قوتابیەك لەسەر کورسی گەرم لەبەردەم قوتابیەکانی دیکەی پۆلەکەی دا دادەنیشێت،و قوتابیەکانی تر پرسیاری ئاراستە دەکەن لە بابەتێکی دیاری کراو وەڵامیان دەداتەوە وە ڕۆڵی مامۆستا رێنوێنی و ئاراستەی قوتابیانە بە پێدانی رێنمایی و زانیاری پێویستە لەسەر پرسیارەکانیان تا سەرنجی قوتابیان رابکێشێت، لەم شێوازەدا قوتابیان دەتوانن پرسیاری جۆراوجۆر پێکبهێنن.

### 2- 1 -3 ئامانجەکانی ستراتیژی کورسی گەرم:

١- ڕەخساندنی دەرفەت بۆقوتابیان بۆ دارشتن و ئاراستەکردنی پرسیارەکان.
2- پەرە بە لێهاتووی تواناکانی گێڕانەوە و شیکردنەوە دەدات.
3 - گەشەپێدانی گیانی هاوکاری و هەرەوەزی نێوان قوتابیان .
4- هاندانی قوتابیان بۆ ڕۆڵگێران بە شێوەیەکی کارلێک کارانە.
5- هاندانی قوتابیان بۆ پراکتیزەکردنی چالاکییەکان بە شێوەیەک کە جیاوازییە تاکەکەسییەکانی نێوانیان لەبەرچاو بگرێت، هەروەها پەرە بە بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان بدەن. (West Ed ,2002 :14)

### 2- 1 -4 یاساکانی ستراتیجی کورسی گەرم:

1- قوتابی کاتێك لەسەر کورسی گەرم دادەنیشێت کە سێ پرسیار لەسەر بابەتی دیاریکراو ئاراستەی دەکرێت و مافی وەڵامدانەوەی هەیە یاخود تێپەڕێنێت ، دواتر خوێندکارێکی تر دێتە سەر کورسی گەرم.
2- لە وانەکاندا پشت بە چەسپاندنی بەها و بنەما و بیروباوەڕەکان دەبەستێت.
3- هەمیشە پشت پرسیاری کراوە دەبەستێت (الشمری، ٢٠١١: ٤٧)

### 2-1-5 کارامەییەکانی ستراتیژی کورسی گەرم:

- پەرەپێدانی توانای مەعریفی
- پەرە بە لێهاتوویی پرسیارکردن بدات
-پەرە بە لێهاتوویی ئاڵوگۆڕی بیرۆکە لە نێوانیان بدات
- پەرەپێدانی توانای پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تر

2-1-7هەنگاوەکانی ستراتیژی کورسی گەرم

1- مامۆستا پێشوەخت قوتابییەکان ئاگادار دەکاتەوە کە لە سەر بابەتێکی خوێندن پرسیاری جۆراوجۆر ئامادەبکەن
2- قوتابییەکان دەکرێن بە گروپ هەر گروپێك لە(6) شەش قوتابی زیاتر نەبێت
3-کورسیەك لە بەرامبەر گروپەکان دادەنرێت
4- مامۆستا داوا دەکات لە گروپی یەکەم نوێنەرێکیان دەستنیشان بکەن بۆ سەر کورسی گەرم .
5- پاشان داوا دەکات لە گروپی یەکەمەوە پرسیاری ئاراستە بکەن .
6- ئەگەر لە نیوەی زیاتری پرسیارەکانی زانی ئەوا خەڵاتێك وەردەگرێت.
7- بەم جۆرە نوێنەری گروپی دووەم دێت و لە سەر کورسی گەرم دادەنیشێت ، گروپەکانی تر پرسیاری ئاراستە دەکەن
8-لە کۆتایدا هەر گروپێك زۆرترین پرسیاری زانی بوو بە براوە دادەنرێت و خەڵاتێکی گەورە وەردەگرێت.(عزیز،2021: 101)

### 2- 2 ئاراستە Attitude :

### 2- 2-1 پێکهاتەکانی ئاراستە:

1- ئاراستەی مەعریفی **Cognitive Component**
ئەم پێکهاتەیە نوێنەرایەتی قۆناغی یەکەمی دروستبوونی ئاراستەکان دەکات، ئەو لایەنە مەعریفیانە لەخۆدەگرێت کە لە ڕوانگەی تاکەوە بەشدارن وپەیوەندییان بە هەڵوێستی

ئەوەوە هەیە لەسەر بابەتی ئاراستە ، وە لایەنی دەروونی لە ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستبوونی ئاراستەکان هەیە ، بەو پێیەش ئاراستەی مرۆڤەکان بەپێی ئاستی مەعریفی یان مەعریفییان جیاوازە، و لە ڕێگەی چەندین سەرچاوە و ئامرازەوە دەنووسرێت، لەوانە کولتوور و پەروەردە و پەروەردەکردن و ژینگە.

2- ئاراستەی ویژدانی Affective Component

ئەم پێکهاتەیە نوێنەرایەتی قۆناغی دووەم دەکات لە پێکهێنانی ئاراستەکان، هەستێکی گشتییە لە لایەن تاکەوە دەربارەی شتێك یاخود کەسێك یان بابەتێك ،جا گەر هەستی ئەرێنی بێت ، وەک ڕێزگرتن، خۆشەویستی، سۆز، ، پشتیوانی و هاوکاری... یان نەرێنی بێت وەک: سووکایەتی، رق، تورەیی، رق، ترس، پشتگوێخستن... ، ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر ئاراستە و وەڵامدانەوەیان. (قطامي، 1989 :164)

3- ئاراستەی ڕەفتاری Behavioral Component

ئەم پێکهاتەیە نوێنەرایەتی قۆناغی سێیەم دەکات لە پێکهاتنی ئاراستەکان، وکۆمەڵێک شێوازی ڕەفتاری یان ئامادەکاری ڕەفتاری لەخۆدەگرێت کە لەگەڵ زانیین و هەست و سۆزی ئەرێنی و نەرێنییەکاندا یەکدەگرنەوە (زيتون، 1988 :35)

## 2-2-2 قۆناغەکانی دروستبوونی ئاراستە:

ئاراستەکان لە دروستبوونیاندا بە سێ قۆناغی بنەڕەتیدا تێدەپەڕن:

1- قۆناغی مەعریفی: ئەو قۆناغەی کە تاک هەست بە هاندەرەکانی ژینگە دەکات و دەیانناسێتەوە (سروشتی و کۆمەڵایەتی)، و بەم شێوەیە ئەزموون و زانیاری بەدەست دەهێنێت کە خزمەت دەکەن وەک بوارێکی مەعریفی بۆ ئەم هاندەرانە، و بەم شێوەیە ئاراستە بەرەو هەندێک شت دەبلوری دەکات.

2- قۆناغی بلوریبوونی ئاراستە: ئەو قۆناغەیە کە تاک لە ئەنجامی کارلێکی خۆی لەگەڵ ژینگەدا هەڵدەسەنگێنێت، وەک چۆن پرۆسەی هەڵسەنگاندنی هاندەری ژینگەیی لەسەر بنەمای چوارچێوەی مەعریفی لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕاوەی بابەتی وخودی .

3-قۆناغی دووپاتکردنەوە: قۆناغی کۆتاییە لە دروستبوونی ئاراستە بەرەو شتێکی دیاریکراو، کاتێك تاك بڕیاری ئەرێنی یان نەرێنی بەرامبەر بەو شتە دەدات و لەسەر بنەمای کوالێتی پەیوەندییەکەی لەگەڵیدا دەبێت دیاری کراوە (ملحم، 2005 :324)

## 3-2-2 ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ئاراستە هەیە:

کۆمەڵێک هۆکار هەن کە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ئاراستەکان هەیە، گرنگترینیان بریتین لە:

١- ژینگە: گرنگترین هۆکار لە دروستبوونی ئاراستەکان ژینگەیە، بە مانا فراوانەکەی، لە ڕێگەیەوە کارلێکی تاک لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تێدا دەژێت ، زۆرجار تاک ئاراستەی هەیە بەرەو هەندێک شت بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵیاندا هەبێت ،

2- خێزان: خێزان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروستبونی ئاراستەکاندا، هەروەها یەکێکە لە بەهێزترین فاکتەرە ڕاستەوخۆکان لە دروستبوونی ئاراستەی تاکێکدا، چونکە دایك و باوك و گەورەکانی ناو خێزان بەهۆی کۆنترۆڵکردنەوە ئاراستەکان بۆ منداڵ دەگوازنەوە ، لە ڕێگەی گۆڕاوەکانی فێربوون ولاسایی کردن و چاودێریکردنەوە، ئەم جۆرە لەنێو بەرەنگاری گۆڕانکاری دەبنەوە و کاریگەرییەکانیان بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنەوە.

3- قوتابخانە : قوتابخانە کاریگەرییەکی زۆر گرنگی هەیە لە سەر دروستبوون، گەشەکردنیان، یان گۆڕانی ئاراستەیان ، لە ڕێگەی کارلێککردنیان لەگەڵ هاوتەکان و مامۆستایان

4- خودی تاك :پەروەردەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پێکهێنانی کەسایەتی تاك و تایبەتمەندی بوونی لە کەسانی تر ،لە ڕێ ئەوەی بەدەستیان ئەهێنێ لە حەزو ئاراستەکان (العبودي، 2011 :76)

## 4-2-2 تایبەتمەندییەکانی ئاراستەکان

ئاراستەکان چەندین تایبەتمەندیان هەیە، گرنگترینیان بریتین لە:

1- ئاراستەکان فێربوون و بەدەست هێنراون بۆماوەیی نین.

2 - پێکهاتەی ئاراستە دروست دەبێت وگرێدراوە بە هاندەر و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانەوە و ژمارەیەك کەس یان گروپ بەشداری تێدا دەکەن.

3-هەڵوێستەکان لە بۆشاییدا پێک ناهێنرێت، بەڵکو هەمیشە پەیوەندی نێوان تاک و بابەت لەخۆدەگرن.

4 -ئاراستە هاوبەشەکان لە نێوان ئەندامەکاندا نزیکە لەوی ڕەفتارەکانیان یەکبخەن.

5 -هەڵوێستەکان تایبەتمەندی سۆزدارییان هەیە.

٦ -ئاراستەکان زۆرن و جیاوازن بەپێی ئەو هاندەرانەی کە پەیوەندییان پێوە هەیە..

7- ئاراستەکان سیفەتی سەقامگیری و بەردەوامی ڕێژەیی لە تاکدا هەیە، وە دەتوانرێت لە هەندێک بارودۆخدا دەستکاری و گۆڕانکاری بکرێن

8- ئاراستەکان تایبەت و گشتین.

9 -ئاراستە دەکەوتە لە نێوان دوو لایەنی دژ بەیەکەن، وەک لایەنگر و نەیارێک، یان ئاراستەیەکی نەرێنی و ئەرێنی.

10- ئاراستەکان دەتوانرێت پێوانەکراو و خەمڵێنراو و پێشبینیکراو بن. (الشكرجي،2005 :40)

## 5-2-2 پێوانەکردنی پێوەری ئاراستە بەگشتی سێ ڕێگایە:

1- شێوازی ڕاپرسی و بەکارهێنانی شێوازی دەربڕینی زارەکی.
2- شێوازی چاودێریکردنی ڕاستەوخۆی هەڵسوکەوتی جووڵەیی.
3- شێوازی پرۆژێکتیف بۆ پێوانەکردنی گۆڕانکارییە جیاوازەکان.

شێوازی یەکەم بە یەکێک لە بەربڵاوترین شێوازەکان دادەنرێت بەهۆی پشت بەستنی بە ڕاپرسی ، بۆ ئەوەی توێژەر ئەنجامەکانی بەدەستی بهێنێت لە ماوەیەکی کورتدا، لەم شێوازەدا یەکێک لە ناوبانگترینیان پێوەری لیکرتە **(Scales Likert)** تایبەتمەندە بە ئاسانی دیزاینکردن و جێبەجێکردن و ڕاستکردنەوە، وە لە هەمان کاتدا بە گشتگیربوونی و وردبینی ڕێژەیی ناسراوە و تارادەیەک گونجاوە بۆ پلەی جێگیری ئەنجامەکان زیاد دەکات و پێویستە لە کاتی ئامادەکردنی پێوەرەکە برگەکانی ئەرێنی و نەرێنی لە خۆ بگرێت وە ژمارەی وەڵامەکانی(بدائل)کان (5) دانە بن (زۆر ڕازیم ، ڕازیم، دڵنیانیم ، ڕازی نیم ، بەهیچ شێوەیەك ڕازی نیم ) بە پێ ی تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان دەگۆڕێت(زيتون، 1988 :90) .

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو :

**خشتەی ژمارە (1)**

**توێژینەوەکانی پێشوو کە باسیان لە ستراتیژی کورسی گەرم و کاریگەری لەسەر دەستهات و بۆچوون**

| ز | ناوی توێژەر ووڵات وساڵی ئەنجامدان | ناونیشانی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوەکە | کۆمەڵگەو توێژینەوەکە قەبارەی نموونەی | بابەت | مێتۆدی توێژینەوە | ئامرازە ئامارییەکان | ئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناصر، عێراق زانکۆی موصڵ - کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت- بەشی مێژوو ٢٠١٩ز | کاریگەری ستراتیژییەتی کورسی گەرم لە سەر دەستهات (دەستکەوت)ی خوێندن و پەرمێدانی هاوسۆزی مێژووی لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانستەکۆمەڵا یەتییەکان | زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی کورسی گەرم لە سەر دەستهات (دەستکەوت)ی خوێندن و پەرمێدانی هاوسۆزی مێژووی لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانستەکۆمەڵا یەتییەکان | پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ژمارەیان (٦٦) قوتابیە بۆ هەر دووگروپ | کۆمەڵایەتی | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی T.test) بۆ دووگرووپی سەربەخۆ | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە سەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان هەردووگروویی توێژینەوە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی |
| ٢ | عبدالكريم ، لەوڵاتی مصر / زانکۆی ئەسیوط /کۆلێژی پەروەردەی ٢٠١٦ | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لە ڕێگەی پەروەردەی زانستی لە پەرمێدانی تواناکانی گفتوگۆ و ئارەزووی زانستی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی لە میسر | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لە ڕێگەی پەروەردەی زانستی لە پەرمێدانی تواناکانی گفتوگۆ و ئارەزووی زانستی لە نێوان قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی لە میسر | پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ، ژمارەیان (٧٤) قوتابیە بۆ هەر دوو گروپ | ڕێزمانی عەرەبی | ئەزموونی نیمچە کۆنترۆڵکراو بۆ دووگرووپی هاوسەنگ | تاقیکردنەوەی (T.test) جگە لە ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری | ئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان وانە وتنەوە بە ستراتیژی کورسی گەرم و ڕێگای ئاسایی ،واتە ستراتیژی کورسی کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە پەرمێدانی تواناکانی گفتوگۆ و ئارەزووی زانستی لای قوتابیانی گرووپی ئەزموونی |
| ٣ | السندي ،عێراق، زانکۆی بەغداد – کۆلێژی پەروەردەی ئەبن ڕوشد ٢٠١٥ز | کاریگەری یەکخستنی کورسی گەرم و وەرەقە یەک خولەکە لەسەر دەستهاتی مافی مرۆڤ لە نێوان خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە و پەرمێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنییان | زانینی کاریگەری یەکخستنی کورسی گەرم و وەرەقە یەک خولەکە لەسەر بەدیهێنانی مافی مرۆڤ لە نێوان خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە و پەرمێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنییان | خوێندکارانی قۆناغی یەکەم کۆلێژی پەروەردە ئەبن ڕوشد بۆ زانستەمرۆ ڤایەتییەکان ژمارەیان (٦٦) قوتابیە بۆ هەر دوو گروپ | مافی مرۆڤ | ئەزموونی نیمچە کۆنترۆڵکراو بۆ دووگرووپی هاوسەنگ بە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە | تاقیکردنەوەی (T.test) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە سەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان هەردووگرووپی توێژینەوە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی |
| ئەوتوێژینەوانەی کە باسیان لە ئاراستە کردووە | | | | | | | | |
| ٤ | حکیم سعودیە زانکۆی مەلك سعود کۆلێژی پەروەردە ٢٠٠٥ ز | کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی هەرەوەزی لەسەر پەرمێدان توانا داهێنەرەکان و ئاراستەیان بەرەو پەروەردەی هونەر بۆ قوتابیانی قۆناغی نۆیەم بنەڕەتی | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی فێربوونی هەرەوەزی لەسەر پەرمێدان توانا داهێنەرەکان و ئاراستەیان بەرەو پەروەردەی هونەر بۆ قوتابیانی قۆناغی نۆیەم بنەڕەتی | پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کە ژمارەیان ٨٣ قوتابیە بۆ هەردوو گروپ | پەروەردەی هونەر | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی (T.test) تاقیکردنەوەی کا² و هاوکۆلکەی جێگیری ئەلفاکورنباخ | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە سەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان هەردووگرووپی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی پێشنە و پاشێنە پێوەری ئاراستە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی |
| ٥ | الجبوري ، زانکۆی مستەنصریە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ٢٠٠٤ | کاریگەری بەکارهێنانی فێربوونی هاوبەش (تیمەکانی فێربوون) لەسەر ئاراستەی خوێندکارانی کچانی قۆناغی چوارەمی ئامادەیی بەرەو بابەتی جوگرافیا | زانینی کاریگەری بەکارهێنانی فێربوونی هاوبەش (تیمەکانی فێربوون) لەسەر ئاراستەی خوێندکارانی کچانی قۆناغی چوارەمی ئامادەیی بەرەو بابەتی جوگرافیا | پۆلی چوارەمی ئامادەیی | جوگرافیا | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی (T.test) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە سەر ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان هەردووگرووپی توێژینەوە لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی لە جیاوازی تاقیکردنەوەی پێشنە و پاشێنە پێوەری ئاراستە |

# بەشی سییەم

## 3- ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

## 1-3 میتۆدی توێژینەوە :

توێژەر شێوازی نیمچە ئەزموونی پەیڕەو کردووە کە شێوازێکی گونجاوە بۆ ئەم جۆرە توێژینەوەیە، چونکە لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکان دامەزراوە بۆ ئەوەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ بزانێت بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی پێشی- و پاشی بۆ تاقیکردنەوەی بۆچوون، هەروەها دەستهات لە تاقیکردنەوەی پاشی .

## 2-3 دیزاینی ئەزموونی

هەڵبژاردنی دیزاینی ئەزموونی بریتییە لە بەرنامەیەکی کار و نەخشەیەک بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە و دیاریکردنی بارودۆخ و هۆکارەکانی دەوروبەری دیاردەی لێکۆڵینەوەکراو، کە لە ڕێگەیەوە توێژەر دەتوانێت گریمانەکان هەڵبژێرێت و بگاتە ئەنجامێکی ڕاستگۆیانە لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان و پاشکۆکان **(منسي ، 2000: 234)**

بۆیە توێژەر پشت بە دیزاینی ئەزموونی لەجۆری دوو گرووپی هاوسەنگکراو بەکارهێناوە ، کە گونجاوە بۆ بارودۆخی توێژینەوەکەی ، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دیزاینەدا هەردوو گروپ (ئەزموونی و کۆنترۆڵ) کەوتوونەتە ژێر تاقیکردنەوەی پێشوەختە بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاراستەیان بەرەو بابەتی مێژوو . بڕوانە خشتەی ژمارە(2).

خشتەی ژمارە ( 2 ) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە

| گرووپ | تاقیکردنەوەی پێشی | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیکردنەوەی پاشی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | پێوەری ناراستە | ستراتیژی کورسی گەرم | - دەستهاتی خوێندن<br>- پێوەری ناراستەیان بەرەو بابەتی مێژوو |
| کۆنترۆڵکراو | - | | |

## 3-3 کۆمەڵگای توێژینەوە

دیـــاریکردنی کۆمەڵگـــەی توێژینـــەوە بە یـــەکێك لـــە کارەگرنگەکانی توێژینەوە دادەنرێت،کە بریتیە لە هەموو ئەو تـــاك و کـــۆمەڵانە کـــە بابـــەتی کێشـــەی توێژینـــەوەکە پێکدەهێنن(الجابري، 245:2011 )
کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بـنەڕەتی لە قوتابخانەکـانی ناوەنـدی قەزای کەلار لە سـنوری بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار (دەوای رۆژ) کە پێکهاتووە لە (33) قوتابخـانەی بـنەڕەتی کە پـۆلی هەشـتەمیان هەیە کە ژمـارەی قوتابیـان بەگشـتی دەگاتە (2742) قوتابیـانی کـوڕ و (1418) قوتابیـانی کـچ ( 1324)بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (2021-2022).

## 4-3 نموونەی توێژینەوە

نموونە بەشێکە لەو کۆمەڵگاییەی کە توێژینەوەی لەسەری ئەنجـام دەدرێـت، لەلایەن تـوێژەرەوە هەڵبـدەبژێردرێت بەپێی یاسـا تـایبەت بـۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی دروسـت نـوێنەرایەتی کۆمەڵگا بكات. (داود و عبدالرحمن، ١٩٩٠، ل٦٧) نموونەی توێژینەوە پێکدێت لە دوو بەش ئەوانیش:
خشتەی ( )نمونەی توێژینەوە

| کۆمەڵە | گرووپ | ژمارە |
|---|---|---|
| ئەزموونی | ب | ٢٦ |
| کۆنترۆڵکراو | أ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | ٥١ | |

## 1-4-3 نموونەی قوتابخانە

بـۆ دەستنیشـانکردنی نمـوونەی تـوێژینەوە، لەپاش ناردنی نـوسراو لە ڕاگـرایەتی کـۆلێژی پەروەردەی بـنەڕەتی- زانکـۆی سـلێمانی بـۆ بەرێـوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار ،تـوێژەر بە بەمەبەسـت (قوتابخـانەی ئاران)ی بـنەڕەتی هەڵبژارد تـاوەکو ئەزمـــوونەکەی تیـــادا ئەنجامبـــدرێت ، ئەوەش بەهـــۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە :
1- ئامادەبوونی بەرێـوەبەر و مامۆسـتای بـابەتی کـۆمەڵایەتی قوتابخانەکە بۆ هاوکاریکردن بۆ ئەنجامدانی ئەزموونەکە.
2- گونجاوی قوتابخانەکە، لە ڕووی باڵەخانەو بوونی ژمارەی پـۆل وقوتابیـانی پێویسـت و هـۆڵی تـایبەت بـۆووتنەوە وانە بە گروپ .
3- توێژەر یەکێك بوو لە مامۆستایانی میلاکی ئەو قوتابخانەیە.
4- قوتابخانەکە لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە نزیك بوو لە شوێنی نیشتەجێبوونی توێژەر .

## 2-4-3 نموونەی قوتابی The Sample of the Pupils

توێژەر پاش سەردانیکردنی بۆ قوتابخانەکە بۆی دەرکەوت کە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە چوار گروپ ( أ ، ب ، ج ، د ) پێـك هـاتووە ، تـوێژەر بە شـێوەیەکی هەڕەمەکی دوو گـروپی هەڵـبژارد ، لە ئەنجامـدا گـروپی (ب) بـوو بە گـروپی ئەزموونی کە ژمارەیان (26) قوتابی بوو ، وە گروپی (ج) بوو بە گـروپی کـۆنترۆڵکراو کە ژمارەیـان (25)قوتـابی بـوو ، ژمـارەی قوتابیـانی هەردوو گـروپ بـریتی بـوو لە (51) قوتـابی. بـڕوانە خشـتەی ژمارە (3) گـروپ و ژمارەی خوێنـدکارانی نمـوونەی توێژینەوە

| هۆبە | گروپ | رێگای وانەوتنەوە | ژمارەی خوێندکاران | ژمارەی خوێندکارانی دوورخراو | ژمارەی کۆتایی خوێندکاران |
|---|---|---|---|---|---|
| ب | ئەزموونی | ستراتیژییەتی کورسی گەرم | ٢٦ | ٤ | ٢٢ |
| ج | کۆنترۆڵکراو | رێگای ئاسایی | ٢٥ | ٣ | ٢٢ |

## 5- هاوسەنگکردنی گرووپەکانی توێژینەوە :

### 1-5-3 تەمەنی قوتابیان :-

توێژەر تەمەنی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوە لە ڕیگەی تۆمـاری تـایبەت لە سیسـتەمی (E-parward) قوتابخـانە وەرگرت سەرەڕایی دابەشکردنی فۆرمی تایبەت بە سەر قوتابیان بـۆ وەرگـرتنی ڕێکەوتی ڕۆژو مانگ و سـاڵی تەمەنیـان پاشـان هەژمارکردنی تەمەنیان بە مانگ تا ڕێکەوتی 2022/2/1 بڕوانە خشتەی ژمارە (4) .
خشتەی ژمارە ( 4 )
ناوەنـدی ژمـێرەیی و لادانی پێـوەری وبەهـای تـائی هەژمـارکراو وخشتەیی بۆ تەمەنی خوێندکارانی هەر دوو گرووپ

| گرووپەکان | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی تائی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ١٦٢،٦٨ | ٤،٩٤ | ١،٠٢٠ | ٢،٠٢١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٦٤،١٨ | ٤،٨١ | | | |

### 2-5-3 نمـرەی سـاڵی پێشـووی قوتابیـان لە زانیـاری پێشینەی مێژوو :

تـوێژەر بە مەبەسـتی زانینـی زانیاری پێشـینە لە بـابەتی مـێژوو لای قوتابیـانی هەر دوو گـروپ هەسـتا بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك لە جۆری بابەتی(ڕاست و هەڵە ، هەڵبژاردن ) کە لە (20) بـڕگە پێـك هـاتبوو ، پشـت بەسـت بە نـاوەڕۆکی بابەتی مێژوو لە پەرتوکی بابەتەکۆمەڵایەتیەکانی پۆلەکانی ( 7 – 6 ) ی بـنەڕەتی، بـۆ دڵنیـابوون لە شـیاوی خـرایە بەردەسـت کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕان، پاشان جێبەجێکرا بە سەر هەردوو گرووپـدا لە ڕۆژی سێشـــەممە لە 2022/2/1 . دوای تەواوبـــوونی تـــاقیکردنەوەکە بەشـــێوەیەك وورد هەڵەچـــی وەڵامەکـان کـرا بە بە جۆرێـك بـۆ هەر وەڵامـێکی ڕاسـت (1)

نمرەی پێدەدرا و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵەش (سفر) ،نمرەی قوتابیانی هەر دوو گروپ بڕوانە خشتەی ژمارە(5)

خشتەی ژمارە (5 ) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری وبەهای تائی هەژمارکراو وخشتەیی بۆ زانیاری پێشینەی مێژوو

| گروپ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی تایی: ئەژمارکراو | نرخی تایی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١٣،٣٨ | ٤،١٢ | ١،٠٦٣ | ٢،٠٢١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆلکراو | ١٤،٦٤ | ٣،٦٠ | | | |

## 3-5-3 نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتی کۆمەڵایەتی

توێژەر نمرەی کۆتایی ساڵی پێشووی 2020-2021 بابەتی کۆمەڵایەتی لە تۆماری قوتابخانە وەرگرت ، پاشان توێژەر بە مەبەستی زانینی جیاوازی مانادراری ئاماریی لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی مانادراری ئاماری نییەبڕوانە خشتەی ژمارە (6).

خشتەی ژمارە (6 ) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری وبەهای تائی هەژمارکراو وخشتەیی بۆ پێوەری ئاراستە بۆ نمری بابەتی کۆمەڵاتی ساڵی پێشوو

| گروپ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی تایی: ئەژمارکراو | نرخی تایی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٧٣،٥٥ | ١٤،٨٣ | ٠،٩٤٣ | ٢،٠٢١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆلکراو | ٦٩،٦٨ | ١٢،٢٠ | | | |

## 5-5-3 ئاستی زیرەکی

بۆ زانینی ڕادەی هاوتایی لە نێوان هەردوو گروپ نموونەی توێژینەوە لە گۆڕاوی ئاستی زیرەکی ،پاش ڕاوێژکردن لە گەڵ سەرپەرشتیار و کەسانی پسپۆری، تاقیکردنەوە جون رافن (John Carlyle Raven) کە بە ناوەندی تاقیکردنەوەی داتاشراوە یەك لە دوای یەکەکان (المصفوفات المتتابعة) ناسراو هەڵبژێردرا بەو پێیەی کە پلەیەکی بەرزی لە ڕاستگوی و جێگیری هەیە وە هەروەها لە زۆرێک لە توێژینەوەکانی وڵاتان بەکارهاتووە، ئەنجامەکانی داوە کە هاندەری بەکارهێنانی دەبن (حمەمراد، 2019: 79 )،بە شێوەیەکی گشتی پێك هاتووە لە(60) بڕگەی وێنەیی دابەش بووە بەسەر(5) گروپدا ( A,B,C,D,E) هەر گروپێك (12)بڕگەیە، تاقیکردنەوەکە لەیەك کاتدا بەسەر هەردوو هەر گرووپ لە ڕێگای بە کارهێنانی داتاشۆ جێبەجێکرا لە ڕۆژی (شەممە 2020/2/5 ) وە کاتی تەرخانکراو بو تاقیکردنەوەکە بریتی بوو لە (60) خولەك پاشان هەڵەچنی پرسیارەکان کرا بە پێی کلیلی ڕاستکردنەوە ، و خوێندکار بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (یەك) نمرە وەردەگرێت و بۆ یەك وەڵامی هەڵەش (سفر) وەردەگرێت ، بڕوانە خشتەی ژمارە (8) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (تی) بۆ جیاوارزی نێوان ناوەندەژمێری ئاستی زیرەکی

| گروپ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی تایی: ئەژمارکراو | نرخی تایی: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٣٦،٥٥ | ٨،٥١ | ٠،٩٣٦ | ٢،٠٢١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆلکراو | ٣٨،٩١ | ٨،٢٢ | | | |

## 6-5-3 ئاستی خوێندنی باوکان

توێژەر ئاستی خوێندنی باوکی خوێندکاران لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەستهێنا (پاشکۆی ژمارە 4 ) وە چەند پلەیەکی بۆیان دیاریکرد بە پێ جۆری بڕوانامەی خوێندن، پاشان ئاستی ئەکادیمیانی ڕیزبەند کرد لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست،

بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دوو گروپ تاقیکردنەوەی (کا²)بە کارهێنا پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ بڕوانە **خشتەی ژمارە(9)** بەهای (کای)² بۆ جیاوای ئاستی خوێندنی باوکان

| گۆڕاو | گرووپەکان | ناوەندی دەستهات (دەستکەوت)ی باوکان: نەخوێندەوار و سەرەتایی | ناوەندی دەستهات (دەستکەوت)ی باوکان: ناوەندی | ناوەندی دەستهات (دەستکەوت)ی باوکان: ئامادەیی دبلۆم بەرەوەسەرەوە | بەهای (کای)²: پلەی ئازاد | بەهای (کای)²: ئەژمارکراو | بەهای (کای)²: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندنی باوکان | کۆنترۆلکراو | ٥ | ٧ | ١٠ | ٢ | ١،٠٧٨ | ٥،٩٩ | بەڵگەدار نییە |
| | ئەزموونی | ٨ | ٥ | ٩ | | | | |
| | کۆ | ١٣ | ١٢ | ١٩ | | | | |

## 7-5-3 ئاستی خوێندنی دایکان

توێژەر ئاستی خوێندنی دایکان خوێندکاران بە هەمان ڕێکاری و هەنگاوەکانی پێشوو بە دەستهێنا (پاشکۆی ژمارە) بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دوو گروپ، هاوکۆلکەی (کا²)بە کارهێنا پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ بڕوانە

**خشتەی ژمارە(10) بەهای (کای)² بۆ جیاوای ئاستی خوێندنی دایکان**

| گۆڕاو | گرووپەکان | ناوەندی دەستهات (دەستکەوت)ی دایکان: نەخوێندەوار و سەرەتایی | ناوەندی دەستهات (دەستکەوت)ی دایکان: ناوەندی | ناوەندی دەستهات (دەستکەوت)ی دایکان: ئامادەیی دبلۆم بەرەوەسەرەوە | بەهای (کای)²: پلەی ئازاد | بەهای (کای)²: ئەژمارکراو | بەهای (کای)²: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندنی دایکان | کۆنترۆلکراو | ٦ | ١١ | ٥ | ٢ | ١،٥٨٠ | ٥،٩٩ | بەڵگەدار نییە |
| | ئەزموونی | ٩ | ٧ | ٦ | | | | |
| | کۆ | ١٥ | ١٨ | ١١ | | | | |

## 4- پێداویستیەکانی توێژینەوەکە :

## 4- 1 دیاریکردنی بابەتی خوێندن

توێژەر هەستا بە دیاریکردنی بابەتی خوێندن بە ڕاوێژکردن بە کەسانی پسپۆر و مامۆستایانی بابەت کە چەند ساڵێك وانەکەیان وتوەتەوە سەرەڕای سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی (حاجی:2008)و(مصطفی:2014) کە بۆ پۆلی هەشتەم ئەنجامدرابوون ، بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەند پێکهات (یەکەم ، دووەم ،سێیەم) لە پەرتوکی زانستە کۆمەڵایەتی بڕیار لێدراو بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق – چاپی پانزەهەم،2021 زانینی بە پێی

ماوەی ئەزمونی توێژینەوەکە ناوی بەندەکان وناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (11)

دیاری کردنی بەندە وناونیشان و ژمارەی لاپەڕەکان بۆ بابەتی ئەزموونەکە

| بەندەکان | ناونیشانی بەندەکان | ژمارەی لاپەڕەکان |
|---|---|---|
| یەکەم | بانگەوازی ئیسلام وپێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی | ٢٧ |
| دووەم | دەوڵەتی ئیسلامی لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا | ٢٣ |
| سێیەم | کوردستان لە سەردەمی ئیسلام | ١٩ |
| کۆی گشتی | | ٦٩ |

## 2-4 دیاریکردن و داڕشتنی ئامانجەڕەفتاریەکان

داڕشتنی ئامانجی ڕەفتارییەکان بۆ هەر بەرنامەیەک هەنگاوی بنەڕەتییە لە بنیاتنانیدا، چونکە یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ دیاریکردنی ناوەڕۆکی وانە زانستییەکان، وکارکردن لەسەر ڕێکخستنی، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی ڕێگاوئامرازو، شێوازی فێرکردن گونجاو، ، وە نوێنەرایەتی پێوەری بنەڕەتی دەکات لە هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردەدا (العبيدي، 80:2006 )

لە بەر گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە پرۆسەی فێربووندا توێژەر بە پێ سروشتی ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکەی ئامانجەکانی داڕشت بۆ (121)ئامانج، (36)ئامانج لە ئاستی بیرهێنان ،و(51)ئامانج لە ئاستی تێگەیشتن ،و(18)ئامانج لە ئاستی جێبەجێکردن ،و(16)ئامانج لە ئاستی شیکردنەوە بە گوێرەی پۆلێنکردنی (بلۆم – Bloom) لە بواری مەعریفی دا، نموونەی خرایە بەردەم کۆمەڵێك لە هەڵسەنگێنەران و پسپۆرانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەوهەڵسەنگاندن و مامۆستایانی بابەتی مێژوو، بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوون وتێبینی و پێشنیارەکانیان بە مەبەستی باشتر داڕشتنی بە جۆرێك کە ڕاست ودروست بن و سەرکەوتنی ئەزموونەکە مسۆگەر بکەن، بۆ دڵنیابونیش توێژەر پشتبەست بەرێژەی 80% بۆ سەرەوە

## 3-4 ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە

مەبەست لە پلانی وانە ووتنەوە گرتنە بەری پرۆسەیەکی وێناکردن و خستنەکاری ئەو بڕیارداراوانەیە کە پێویستە بگرێتە بەر لە پێناو ئاڕاستەکردنی چالاکیەکان بە ئامانجی جێبەجێکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراو سنووردار دا (عزيز، 2021: 165) بۆ ئەم مەبەستە توێژەر (22) بیست ودوو پلان بۆهەریەك لە گرووپی ئەزموونی بەپێی ستراتیژییەتی(کورسی گەرم) و گرووپی کۆنترۆڵکراو بە ڕێگای ئاسایی ئامادەکرد ، و نموونەیەك لەو پلانانە خرایە بەردەم هەمان پسپۆران ، پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچوونیان گۆڕانکاری پێویست لەپلانەکەدا کرا.

## 5- ئامرازەکانی توێژینەوە

## 1-5 تاقیکردنەوەی دەستهات (دەستکەوت)

تاقیکردنەوەکانی دەستکەوت یەکێکە لە باوترین ئامراز و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن کە لە هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی فێربووندا بەکاردەهێنرێت، و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت لە دیاریکردنی بڕی ئامانجە پەروەردەییەکان کە بەدەست هاتوون **(الحيلة، 407:1999 )**

یەکێک لە پێداویستییەکانی توێژینەوە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتە بۆ پێوانەکردنی دەستکەوتی خوێندنی نموونەی توێژینەوە لە بابەتی زانستەکۆمەڵایەتیەکان /مێژوو توێژەر لە ئامادەکردنیدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی پەیرەو کردووە:

### 1-1-5 ئامادەکردنی برگەکانی تاقیکردنەوە دەستهات :

توێژەر بەندەکانی تاقیکردنەوەی دەستهات (دەستکەوت)ی خوێندنی ئامادەکرد لە دوو جۆر پرسیار پێکهاتبوو ، پرسیاری یەکەم(30 ) برگەبوون لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك بە چوار جێگرەوە (بدائل) بۆ هەر برگەیەك ،ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆپێوانەکردنی بواری مەعریفی قوتابیان لە ئاستی (بیرهێنان ، تێگەیشتن ، جێبەجێکردن)، پرسیاری دووەم(5) برگە بوون لە جۆری گوتاری وەڵام سنوورداره بۆ پێوانەکردنی بواری مەعریفی قوتابیان لە ئاستی(شیکردنەوە) ، بۆ دڵنیابوون لە شیاوی تاقیکردنەوەکە توێژەر خەسڵەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکەی بەم رێکارانەی خوارەوە دەرهێنا:

### 2-1-5 ڕاستێتی تاقیکردنەوەی دەستهات : -

ڕاستێتی یەکێکە لە تایبەتمەندیيە گرنگەکانی شێوازی هەڵسەنگاندن باش ، مەبەست لە ڕاستگویی ئەوشێوازەی کە بەکاری دەهێنین بتوانێت ئەو شتە پێوانە بکات کە بۆ پێوانەکردنی دانراوە **(الرؤوف،المصری 2017: 68)** بۆیە توێژەر هەوڵیدا دوو جۆر ڕاستێتی پشتڕاست بکاتەوە، ئەوانیش ڕاستێتی ڕواڵەت و ڕاستێتی ناوەڕۆک:

### 1-2-1-5 ڕاستێتی ڕواڵەت :-

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە ،توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزای بواری مێژووی ئیسلامی و رێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن ،پاشکۆی ژمارە (7) بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونیان لە سەر برگەکانی تاقیکردنەوەکەو ئاستی گونجاوی برگەکان،وە سەرجەم برگەکان رێژەی ڕازیبوونی(80% ) زیاتری بەدەستهێنا کە ژمارەیان (35) برگە بوو ، بەپشت بەستن بە هاوکێشەی ( جی کۆپەر- j.cooper) بەم شێوەیە ڕاستێتی ڕواڵەت دەرهێنرا.

### 2-2-1-5 ڕاستێتی ناوەڕۆك :-

بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستگۆی ناوەڕۆك توێژەر خشتەی تایبەتمەندی و برگەکانی تاقیکردنەوەکە بە پێی ئامانجە ڕەفتارییەکان خرایە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆر و

شارەزای بواری مێژووی ئیسلامی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و مامۆستایانی بابەتی مێژوو .

### 3-1-5 ئەزموونی بەرایی (سەرەتایی) (التجربة الاستطلاعية)

ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم تاقیکردنەوەیە بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی ڕوونی بڕگەکانی تاقیکردنەوەیە بۆ جێبەجێکردن ودیاری کردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە، توێژەر ئەزموونی سەرەتایی لە سنووری کۆمەڵگای توێژینەوە لە سەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدا کە بە شێوازی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردران، ژمارەیان بریتیبوولە (40) قوتابی لە قوتابخانەی(پێشکەوتنی بنەڕەتی ) ئاگادارکراوەتەوە بۆ تاقیکردنەوە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 2022/4/2، پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بەندەکانی خوێندن،جێی ئاماژەیە بڕگەکانی تاقیکردنەوە ڕوون و ئاشکران وهیچ ئاڵۆزیەکی نا ڕوونیان تێدانییە کە پێویست بە گۆڕانکاری بکات و کاتی تەرخانکراو بۆ تاقیکرنەوەکە بریتی بوو لە ( 40 ) خولەك لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە:

$$\text{ماوەی تاقیکردنەوە} = \frac{\text{ماوەی لەسەرخۆترین قوتابی+ماوەی خێراترین قوتابی}}{2}$$

$$40 = \frac{32+48}{2}$$

### 4-1-5 شیکاری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە:

دوای ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستهات (دەستکەوت) بۆ هێنانەدی ڕاستێتی توێژەر تاقیکردنەوەکەی لە سنووری کۆمەڵگای توێژینەوە لە سەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا نموونەی بەرایی هاوشێوەکرد لە قوتابخانەی (دوارۆژی بنەڕەتی) ،کە پێکهاتبوو لە (100)قوتابی، دوای پرۆسەی هەڵەچنی بۆ وەڵامی تێنووسەکان و ڕیزبەندکردنی ئەو نمرانە بەشێوەی ژماردنی سەر بەرەوخوار(تنازلی) لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە، وە هەڵبژاردنی و جیاکردنەوەی ڕێژەی (27%) لە گروپی ئاست بەرز و (27%) لە گروپی ئاست نزم وە کۆی گشتی ژمارەی قوتابیان دەکاتە(54) قوتابی پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو گروپی بە شێوەیەکی ئاماری شیکردەوە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندیە سایکۆمێترییەکانی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە خوارەوە:

### 5-1-5 هاوکۆڵکەی گرانی بڕگەکان Item Difficulty Factor

بریتییە لە ڕێژەی ژمارەی ئەو قوتابیانە کە بە درووستی وەڵامی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەدەنەوە (علام، 2000: 288 ) بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی گرانی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە، توێژەر یاسای هاوکۆلکەی قورسی بەکارهێنا و دەرکەوت کە ئاستی بڕگەکانی جۆری تاقیکردنەوەی بابەتی دەکەوێتە نێوان (0،28 – 0،78) وئاستی قورسی پرسیارەکانی جۆری گوتاری وەڵام سنووودار دەکەوێتە نێوان (0،55 - 0،68)بەمەش ئاستی قورسی هەموو بڕگەکان پەسەندن،ئاماژەکراوە کە ڕێژەی هاوکۆلکەی قورسی یان ئاسانی پەسەندە ئەگەر مەودای لە نێوان (20%-80%) بێت،

### 6-1-5 هێزی جیاکاری بڕگەکان Item Discriminating Power

مەبەست لە هێزی جیاکاری ئەوەیە توانای هەر بڕگەیەکە لەسەر جیاکردنەوەی نێوان ئەو قوتابیانەی کە ئاست وتوانایان بەرزە و ئەو قوتابیانەی کە ئاست وتوانایان نزمە لە وەڵامدانەوەی هەر بڕگەیەك (الكبيسي،2007: 178 )توێژەر هێزی جیاکاری بڕگەکانی تاقیکردنەوەی دەرهێنا دەرکەوت ،بۆ بەرگەکانی جۆری بابەتی لە نێوان لە نێوان (0،22- 0،55)دایە،بۆ بەرگەکانی پرسیاری جۆری گوتاری وەڵام سنووردار لە نێوان (0،33 –0،57)دایە ، هەموو بەڕگەکانی تاقیکردنەوە پەسەندە ئەگەر ڕێژەکەی (0،20)زیاتر بێت. **(الظاهرو ئەوانیتر،1999: 130)**

### 7-1-5 کارایی جێگرەوەی هەڵەکان Effectiveness of Distrusters:

ئامانجی شیکردنەوەی کارایی جێگرەوە هەڵەکانە، لەئەنجامی پشکنینی جێکرەوە هەڵەکانی بڕگەکانی هەرتاقیکردنەوەیەك کە چەند بژاردەیەکی لە خۆ گرتبێت پێیان دەوترێت(گومراکان).ئەم شیکارییە دەتوانرێت ئەنجام بدرێت ئەگەر بەهای ڕێژەی جیاکاری بابەتەکە نێگەتیڤ بێت، سفر بێت، یان نزیک بێت لە سفر**( علام،2000: 291)**، توێژەر بە بەکارهێنانی هاوکێشەی دیاریکردنی کارایی هەر جێگرەوەیەك بۆ (30) بڕگەی تاقیکردنەوەی بابەتی دۆزرایەوە کەدەکەوێتە نێوان (-0.07 ـــ -0،26)دەرکەوت کە جێگرەوە هەڵەکان سەرنجی زیاتر ژمارەی قوتابیانی گروپی ئاست نزمی ڕاکیشاوە تا ژمارەی قوتابیانی گروپی ئاست بەرز ،جیاوازییەکەش زیاترەئەمەش مانای ئەوەیە هەموو جێگرەوەکان شیاون بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی تاقێکردنەوەکە.

### 8-1-5 نەگۆڕی تاقیکردنەوەکە Test Reliability :

نەگۆڕی تاقیکردنەوە بەو مانایە کە تاقیکردنەوەکە هەمان ئەنجام دەدات یان نزیك لەو ئەنجامەی بەدەستهێنا ئەگەر هاتوو زیاتر لە جارێك جێبەجێبکرێت بە سەر هەمان گروپ لە هەمان هەلومەرجی هاوشێوەدا، ئەوکاتە بە تاقیکردنەوەیەکی جێگیر ئەژمار دەکرێت **(الشجيري والزهيري،2022: 282 )** توێژەر تاقیکردنەوەی لە سەر (40 ) قوتابی لە قوتابیانی قوتابخانەی(دوا ڕۆژی)بنەڕەتی ئەنجامدا پشت بەستراو بە

شێوازی (تاقیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە)وە جیاوازی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم ماوەی نزیکەی (دووحەفتە) بوو بەکاتێکی گونجاو دادەنرێت، بەپێ ئەدەبیاتی پێوانە و هەڵسەنگاندن**(حمەمراد،115:2019)**بە هەژمارکردنی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Coefficient correlation pearson) لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم ودووەم بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی جێگیری تاقیکردنەوە بە بەهای (0،88) **(Gronlund,1965:125)** ئاماژە بەوە دەکات کە هەر تاقیکردنەوەیەك نەگۆڕیەکەی لە نێوان (0،70 – 0،90) بێت بە تاقیکردنەوەیەکی باش دادەنرێت.

## 2-5 ئامادەکردنی پێوەری ئاڕاستە (بۆچوون) قوتابیان بۆ بابەتی مێژوو :

لەبەر نەبوونی پێوەرێکی گونجاو بۆ پێوانەکردنی ئاڕاستەی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرەو بابەتی زانستەکۆمەڵایەتیەکان/مێژوو کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە بگونجێت، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێك بە سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو (الشكرجي،2005 )(العبودي، 2011 )(محەمەد، 2015) وپێداچوونەوەی بە هەندێ ئەدەبییاتی پەیوەست بە ئاراستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی پەیرەو کردووە بۆ ئامادەکردنی ئەم پێوەرە:

1 -پێویستە هەر بڕگەیەک گوزارشت لە بۆچوونێک بکات نەک ڕاستییەک (Edwards, 1957 :14.

2 -دارشتنی بڕگەکان بە زمانێکی دروست بێ گرێ بێت. (أبو علام، 2007: 400)

3 -باشتر وایە هەریەکەیان ڕستەی سادە و ئامانجدار بن.

4-پێویستە پێوەرەکە لە بابەتی ئەرێنی و نەرێنی پێکبێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی وەڵامی ئاسایی.

5- دوور کەوتنەوە لە بابەتی ناڕوون و دیارینەکراو (الباوي،1997: 178)

لەژێرڕۆشنایی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە توێژەر پێوەرێکی سەرەتایی ئامادەکرد پێکهاتبوولە (34)بەڕگە ،وەبەپێ شێوازی لیکرت هەربڕگەیەکی پێوەرەکە (٥) بەدیل لەخۆدەگرێت بەم شێوەیە (زۆر ڕازیم ،ڕازیم ، دڵنیانیم ،ڕازی نیم ، بەهیچ شێوەیەك ڕازی نیم ) ، لە گەڵ ئەورێنماییانەی کە چۆنیەتی وەڵامدانەوە روون دەکاتەوە.

### 1-2-5 ڕاستگۆی پێوەر:-

ڕاستگوی پێوەر ئەوەیە توانای پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەندییە یان دیاردەیەی هەبێت کەبۆ ئەو مەبەستە لە پێناویدا دانراوە (مجید، 2014: 93) بۆ بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی توێژەر پێوەرکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان وپسپۆڕانی بواری پەروەردەی و دەروونزانی ، بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونیان لە سەر ڕادەی شیاوی بڕگەکان لە رووی دارشتنی زمانەوانی و زانستیەوە وە گونجاندنیان لە گەڵ ئاستی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە ، پاشان ڕێژەی ڕازیبوون (80%) و بەسەرەوەی پسپۆران لە سەر زۆرینەی بڕگەیەکان پەسەندکرا ،وە لابردنی (4) بڕگە و گۆڕانکاری لە دارشتن چەند بڕگەیەك کرا.

### 2-2-5 ئەزمووونی بەرایی (سەرەتایی) (التجربة الاستطلاعية)

ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم تاقیکردنەوەیە بە مەبەستی دڵنیابوون لەرادەی روونی بڕگەکان و ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی پێوەرەکەو خەمڵاندنی ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکان، توێژەر پێوەرەکەی دابەشکرد لە رۆژی شەممە ڕێکەوتی 2022/12/18 بە سەر نموونەی ئەزموونەی کە (100) قوتابی بوون بە شێوەی ئەنقەست لە (قوتابخانەی دوارۆژی بنەڕەتی )هەڵبژێردرابوون، پاشان داوا لە قوتابیان نمونەیی کرا کە تێبینییەکانیان سەبارەت بە هەریەکێک لە بڕگەکانی پێوەرەکە بکەن بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕێکخستنی گونجاو بۆی، جێی ئاماژەیە بڕگەکانی پێوەرەکە روون و ئاشکران وهیچ ئاڵۆزیەکی نا روونییان تێدانییە کە پێویست بە گۆڕانکاری بکات، و دەرکەوت کاتی پێویست بۆوەڵامدانەوەی پێورکە لە نێوان (15-45) لەگەڵ یەک بە تێکرا (30) خولەک، و بەم شێوەیە پێوەرەکە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن بۆ نمونەی جیاکاری.

### 3-2-5 هێزی جیاکاری پێوەری ئاراستە

مەبەست لە هێزی جیاکاری بڕگە، بریتیە لە دەرخستنی توانای بڕگەکان بۆ جیاکردنەوەی گروپی ئاست باڵا وگروپی ئاست نزم لە تاقیکردنەوەکەدا (العاشقي،2010:82) بۆ دۆزینەوەی هێزی بڕگەکانی پێوەرەکە لە پاش هەڵەچنی وەڵامی قوتابیان نمرەکانیان ریزبەندکرا لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە، وە دیاریکردنی ڕێژەی (27%) لە گروپی ئاست بەرز نمرەکانیان لە نێوان(119-138) و (27%) لە گروپی ئاست نزم نمرەکانیان لە نێوان(54-95)،پشت بەستن بە هاوکۆلکەی (T.test)بۆ نموونەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان ،دەرکەوت بەهای (تی) ئەژمارکراوی (2،88- 12،36)بۆ هەربڕگەیەك زیاتر بوو لە بەهای خشتەی کە دەکاتە (2،008) لە ئاستی (0،05) بە پلەی ئازاد (52) دیاریکراو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بڕگەکانی پێوەرەکە توانای جیاوازی کردنیان هەیە لە نێوان هەردوو گروپ.

### 4-2-5 جێگیری پێوەر:

جێگیری پێوەر مەبەستی ئەوەیە کە هەمان ئەنجام یان هاوشێوەی بدات بەدەستەوە ئەگەر دووبارە بۆ هەمان

تاکەکان و لە هەمان بارودۆخدا بەکاربهێنرێتەوە (الريماوي، 2017:178) بۆ بە دەستهێنانی جێگیری پێوەر چەند شێوازێك هەیە، توێژەر شێوازی (دووبارەتاقیکردنەوە – Test-Retest) بە کار هێنرا لە سەر نموونەیەکی هەرەمەکی کە ژمارەیان (40)قوتابی بوون لە قوتابیان نموونەی ئەزموونی سەرەتایی (بەرائی) لەرۆژی دووشەممە رێکەوتی2022/1/3 وە جیاوازی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم نزیکەی (دووحەفتە)بوو،بۆ جاری دووەم تاقیکردنەوەکە لە سەر هەمان نموونە جێبەجێکرا پاش هەڵەچنی وەڵامەکان،بە بەکار هێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی (Pearson) لە نێوان تێکرای نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوە دەرکەوت کە بەهای جێگیری پێوەر (91%) ئەم بەهایەش شیاوە دەتوانین پشتی پێبەستن بۆ ئەم جۆرە پێوەرە، (عودة)جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە رێژەی جێگیری قبوڵکراو(70%) سەروتر بێت ئەو بە پێوەرێکی زۆر گونجاو دادەنرێت (عودة، 2002:279) بەم شێوەیە پێوەرەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت کە پێکهاتووە لە (30) برگە و بەرامبەر هەر برگەیەك (5)پێنج جێگرەوە(بەدائل) دانراوە (زۆر رازیم ،رازیم ، دڵنیانیم ،رازی نیم ، بەهیچ شێوەیەك رازی نیم ) وە نمرەکانیش بۆ برگە ئەرێنیەکان(1،2،3،4،5)وە بەپێچەوانەوە بۆ برگە نەرێنیەکان(1،2،3،4،5) نمرەن، کە نزمترین نمرە (30)نمرەیە و بەرزترین نمرە (150)یە .

**6 ئامرازە ئامارییەکان Statistical Treatment :**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەرهەگبەی ئاماری (SPSS-version26)بەکارهێناوە، لەسەر بنەمای ئەم هاوکێشانەی خوارەوە:

1- تاقیکردنەوەی تائی **(T. Test)**

بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی نیوان هەر دوو گرووپ لە گۆڕاوەکانی ( زانیاری پێشوو ، تەمەن ، نمرەی ساڵی پێشوو )، هەروەها بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی پێوەری ئاراستە. **(الفقي،2014: 148)**

**2-تاقیکردنەوەی کا$^2$(Chi – Square)**

بۆ دۆزینەوەی هاوتایی نێوان هەر دوو گرووپی نموونەی توێژینەوە لە ئاستی خوێندەوای دایکان و باوکان **(الخفاجي, العتابي ،2015: 173)**

**3- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن Pearsons Correlation Coefficient**

بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی جێگیری تاقیکردنەوەی دەستهات (دەستکەوت)ی خوێندن(بابەتی ، گۆتاری)و پێوەری ئاراستە لە رێگەی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە . **(بدر و عماد ,2007: 156)**

**4- هاوکێشەی کۆپەر ( J. Cooper)**

بۆ هەژمارکردنی رێژەی رێککەوتنی نێوان شارەزایان و پسپۆران بۆ ئاماژەدان بە رەوایی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەرەکانی ئاراستە. **(الوكيل,المفتي،2007 :236)**

**5-هاوکێشەی ئاستی گرانی برگەکان Item – Difficulty Equation**

بۆ دۆزینەوەی ئاستی گرانی و ئاسانی برگەکانی تاقیکردنەوەی دەستهات (دەستکەوت) لە جۆری بابەتی و پێوەری ئاراستە **(النور، 2007 :209)**

**6- هێزی جیاکەرەوەی برگەکان Item Discrimination Equation**

بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکردنەوەی هەر برگەیەکی تاقیکردنەوەی دەستهات (دەستکەوت) لە جۆری بابەتی و پێوەری ئاراستە. **(ملحم، 2000 : 236)**

**7-کارایی جێگرەوەی هەڵەکان ( Effectiveness Of Distraction)**

بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی رادەی کارای جێگرەوە هەڵەکانی هەر برگەیەکی تاقیکردنەوەی دەسکەوت لە جۆری بابەتی **(عودة، 2001 :291)**

## 4- بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان توێژینەوەکە وتاوتوێکردنیان

### 1-4 خستنەڕوی ئەنجامەکان

**1-1-4 گریمانەی یەکەم** ( جیاوازی مانادراری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە دەستهات(دەستکەوتی) قوتابیان لەبابەتی کۆمەڵایەتی/مێژوو لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی کەبابەتی وانەکانیان بەپێی ستراتیژییەتی ( کورسی گەرم ) پێدەوترێتەوە ، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆلکراو کەهەمان بابەت بەرێگەی ئاسایی وەردەگرن ).

کەواتە بە پێی ئەم ئەنجامە،جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەی ئاستی دەستهات (دەستکەوت)ی قوتابیانی گرووپی ئەزموونی بەراورد بە ئاستی دەستهات (دەستکەوت)ی گروپی کۆنترۆلکراو ،لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دایە،واتە ستراتیژییەتی ( کورسی گەرم ) کاریگەری هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستهات (دەستکەوت)ی قوتابیان لە بابەتی مێژوو بەراورد بە رێگە ئاسایی ، بەم ئەنجامەش گریمانەی (سفری ) کە توێژەر دایانبوو رەت دەکرێتەوە و گریمانەی لە برێتی (بەدیل) پەسەند دەکرێت ،واتە هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو گروپ . بروانە **خشتەی ژمارە(11)** ناوەندەی ژمێرەی و لادانی پێوەری و بەهای تی(T.test) ئەژمارکراو و خشتەیی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گرووپ بۆ دەستهات (دەستکەوت)ی خوێندن لە بابەتی مێژوودا

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٢٢ | ٣٠،٩٥ | ٦،٥٧٢ | ٤،٥٧٧ | ٢،٠٢١ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆلکراو | ٢٢ | ٢٠،٥٠ | ٨،٤٦١ | | | |

**2-1-4 گریمانەی دووەم:** ( جیاوازی مانـاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لەئاڕاستە (بۆچوونیان ) قوتابیان بۆ بابەتی مـێژوو لـەنێوان ناوەنـدە نمـرەی گـروپی ئـەزموونی بـەپێی ستراتیژییەتی ( کورسی گەرم ) وەردەگرن لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیان گروپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت بەرێگەی ئاسایی وەردەگرن ).

لە خشـتەی (12) دەردەکەوێـت کە جیـاوازی مانـاداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەی جیاوازی نمرەکانی پێشی وپاشی قوتابیانی گـروپی ئەزمـوونی بەراورد بە ناوەندە ژمێرەی نمرەکـانی پێشی_ وپـاشی قوتابیـانی گـروپی کـۆنترۆلکراو لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دایە،واتە ستراتیژییەتی ( کورسی گەرم ) کاریگەری هەیە لە بەرزکـردنەوەی ئاسـتی قوتابیـان لە پێـوەری ئاراسـتە (بۆچوونیـان) بەرە بـابـەتەکۆمەڵایەتیەکان /مـێژوو بەراورد بە رێـگە ئاسـایی ، بەم ئەنجـامەش گریمـانەی (سـفری ) کە تـوێژەر دایـنابوو ڕەت دەکرێتەوە و گریمـانەی لە بـرێتی (بەدیـل) پەسـەند دەکرێـت ،واتە هەبـوونی جیـاوازی لەنێوان هەردوو گروپ . بڕوانە **خشتەی ژمارە(12)** ناوەنـــدەی ژمـێرەی و لادانی پێـوەری و بەهـــای تی(T.test) ئەژمارکراو و خشتەیی لە نێوان جیاوازی نمرەکانی پێشی. وپاشی قوتابیـانی هەردوو گـرووپ بـۆ پێـوەری ئاراسـتە (بۆچوونیـان) بەرەبابەتی مێژوو

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٢٢ | ١٧،٤١ | ٦،٠٢١ | ٧،٧٢٦ | ٢،٠٢١ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆلکراو | ٢٢ | ٦،٣٢ | ٣،٠١٤ | | | |

## 2-4 تاوتوێکردنی ئەنجامەکان :

لە بەر ڕۆشـــنایی ئەنجامەکـان کە لە خشـــتەکان (11) و (12) خـراوەتەروو تـوێژەر گریمـانەی (سـفری) ڕەتـدەکاتەوە و گریمانەی ئەڵتەرناتیف (لەجێی ئەو) پەسەند دەکات، ئەمەش بەو مانایە دێت کە لە رووی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە دەستهات (دەستکەوت) و ئاراستەی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەرەو بـابەتی مێژوو هەیە، لە نێوان هەر دوو گـرووپی تـوێژینەوە لە بەرژەوەنـدی گـرووپی ئەزمـوونی کە بابەتەکەیان خوێنـدوە بە پێ سـتراتیژی کـورسی گەرم بەراورد بە گـرووپی کۆنترۆڵکراو کەهەمان بابەت بەرێگای ئاسایی وەرگرتووە. بۆیە ئەنجامەکە روونی دەکاتەوە کە گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوە (ستراتیژی کورسی گەرم) کارایی هەیە جیاواز لەسەر قوتابیانی پـۆلی هەشـــتەمی بـــنەڕەتی لە دەستهات(دەســـتکەوت) و گەشـــەپێدانی بۆچونیـــان دەربـــارەی بـــابەتی کـــۆمەڵایەتی لە پرۆسـەی فێرکردنـدا، هەروەهـا وا لە قوتـابی دەکـات ببـنە میحـوەرێکی ناوەنـدی سـەرەکی خـولانەوەی بـابەتەکە، چونکە قوتـابی بەشـداری وانەکە دەکـات و پرسـیار دەکـات و وەڵام دەداتــەوە و بــوار نــاهێڵێتەوە قوتــابی بێ ئاگـابێ لە وانەکەی، هەڵبەتە ئەمەش وایان لێدەکات باوەڕیان بەخۆیان بێت کاتێک مامۆستا دەیەوێت بەهاو بیرێکی دیاریکراو لەنێوانیان بچێنێت، چەندین لێهاتوویی وەک خوێنـدنەوە و دروسـتکردنی پرسیار و ئـاڵوگۆڕی بیرۆکەکـان پەرە پێـدەدات، ئەمەش دەبێـتە هـۆی دروسـتکردنی پەیوەنـدیەکی کـۆمەڵایەتی لە نێـوان قوتابیـان بە هـۆی ئەو ژینگەیەی کە بۆیـان ڕێکخـراوە لەلایەن مامۆسـتاوە لەنێو پۆلی خوێندندا و، مانەوەی ئەو زانیاریانە لە هزریاندا بۆ مـاوەیەکی دوورو درێژتـر لە داهـاتوودا، سـەرئەنجام ئـارەزوو و ئاڕاستە و بۆچوونیان بەرەو بابەتەکە زیاتر دەبێت و بە ئەرێنی کاردەکـــــاتە ســـــەر بەرزبـــــوونەوەی ئاســـــتی دەستهات(دەستکەوت)ی خوێندن قوتابیانی گرووپی ئەزموونی بەراورد بە گرووپی کۆنترۆڵکراو .

## بەشی پێنجەم

## 5- دەرئەنجام وراسپاردەو پێشنیازەکان

### 1-5 دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە :

لە بەر ڕۆشنای ئەنجامەکان و سنوری توێژینەوەکە توێژەر ئەم دەرئەنجامانە دەخاتە روو :-

1- بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (کورسی گەرم) لە بابەتی مێژووی پۆلی هەشـتەمی بنەڕەتیدا کارایی بەر چاوی هەیە لە مانەوەی دەستهاتی خوێندن لای قوتابیان بۆ بابەتەکە بەراورد بە رێگەی ئاسایی.

2- سـتراتیژی کـورسی گەرم شـێوازێکی نـوێی فێرکـردنە، هـانی قوتابیـان دەدات و کەشـێکی پەروەردەیی گونجـاو لەنێـو پۆلـدا دروست دەکات، ئەمەش هـۆگری قوتابیـان بۆبابەتەکە زیاد دەکات 0

3- بەکارهێنـانی سـتراتیژییەتی (کـورسی گەرم) لەوانەوتـنەوەی بـابەتی مـێژووی پـۆلی هەشـتەمی بنەڕەتیـدا بەشـێوەیەکی کـارا بەشـداری کـرد لە پەرەپێـدانی ئاراسـتە(بۆچوونیان )قوتابیـان بەرەو بابەتەکە بەراورد بە رێگەی ئاسایی.

### 2-5 راسپاردەکان

پشـت بەسـت بە ئەنجامەکـانی تـوێژینەوەکە تـوێژەر ئەم راسپاردانە دەخاتەروو

1- رێکخسـتنی خـولی مەشـق و راهێنـان بـۆ مامۆسـتایان بـۆ ئاگادارکردنەوەیان لە ستراتیژە مۆدێرنەکان، لەوانەش ستراتیژی کـورسی گەرم و چـۆنێتی جێبەجێکـردنی لە وانەوتـنەوەدا بـۆ سەرجەم بابەتەکانی قۆناغی بنەڕەتی .

2- پاش خوێنـدنەوەی تـوێژینەوەی و ئەنجامەکانی، پێویسـتە هـاوری ڕەخنەگـری قوتابخانەکان(سەرپەرشـتیاران) جەخـت

لەسەر گرنگی بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم بکەنەوە لە وانەوتنەوەدا لە کاتی سەردانە مەیدانیەکانیاندا بۆلای مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان.

3- هاندانی مامۆستایانی مێژووی قۆناغە جیاوازەکان بۆ بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم ، لە وانەووتنەوەدا لە بەر ئەوەی کار لە سەر فێرکردنێکی کارا و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بابەتی مێژوو دەکات

4- گرنگیدانی مامۆستایان قۆناغەکانی بنەڕەتی بۆ پەرەپێدانی ئاراستەی(بۆچوونیان) قوتابی بەرەو بابەتی خویندن ،ئەویش لە ڕێگای پەیرەوکردنی ستراتیژییەی کە جەخت دەکاتەوە لە سەر بەشداریکردنی قوتابی لە کردارەکانی فێربووندا.

### 3-5 پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:-

1-ئەنجامدانی توێژینەوەیەک هاوشێوەی توێژینەوەی ئێستا لەسەر پۆلەکانی حەوتەم و نۆیەم و بۆ بابەتەکانی تر لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی.

2-تاقیکردنەوەی ئەم ستراتیژییەتە لە بابەتی مێژوودا بۆ دیاریکردنی کارایی لە سەر گۆڕاوەکانی تر وەك:گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ، پاڵنەری فێربوون ، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ بەراوردکردنی کارایی ئەم ستراتیژە بە ستراتیژییەکانی تری فێربوونی کارا .

### لیستی سەرچاوەکان:


1. ابوعلام, رجاء محمود ،2007: مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية،الطبعة التاسع، دار النشر للجامعات، القاهرة.
2. الباوي, عباس عبد على عبود،1997: اثر التدريس باستخدام بعض التقنيات التربوية في تنمية الاتجاهات العلمية للطلبة - المعلمين نحو مادة الجغرافية ،رساله ماجستر،غيرمنشوره، جامعة بغداد، كلية التربية - ابن رشد.
3. بدر, سالم عيسى، غضاب عباينة عماد،2007: مبادى الاحصاء الوصفي ولاستدلالي، الطبعة الثانية، دار المسيرة الاردن – عمان.
4. الجابري, كاظم كريم رضا،2011: مناهج البحث في التربيه وعلم النفس، طبع الاول،دار النعيمي، بغداد.
5. -حمەمراد, كريم احمد عزيز، 2019: فاعلية توظيف الانترنت و كتابة التقارير القصيرة في اكتساب المفاهيم وتنمية مهارات التفكير التاريخي لدى طلبة قسم علوم الاجتماعية، اطروحة دكتورا،غير منشوره، جامعة صلاح الدين- كلية التربية، اربيل- كوردستان.
6. الحيلة, احمد محمود،2001: طرائق التد ريس واستراتيجياته، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجامعي الامارات العربية المتحدة..
7. -الحيلة, محمد محمود،1999:التصميم التعليم ,نظرية وممارسة، الطبع الاول، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان.
8. الخفاجي, العتابي رائد أدريس محمد , و عبداللة مجيد حميد ،2015: الوسائل الاحصائية في البحوث التربوية والنفسية، الطبعة الاولى، دار دجلة للنشر و التوزيع، عمان.
9. رسول, رسول ابراهيم،2014: دەروازەیەك بۆ وانە وتنەوە، چاپی یەکەم،چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.
10. الرؤوف, طارق عبدو ايهاب عيسى،2017: المقاييس والاختبارات - الصميم - الاعداد – التنظيم، الطبعة الاولى، المجموعة العربية للتدريب والنشر القاهرة - مصر, 2017.
11. الريماوي, عمر طالب،2017: بناء وتصميم الاختبارات والمقاييس النفسية والتربوية، الطبعة الاولى، دار امجد للنشر والتوزيع، عمان.
12. زيتون, حسن حسين،2001: عالم الكتب سلسلة اصول التدريس. الكتاب الثاني، جامعة طنطة - كلية التربية،مصر
13. زيتون, عايش محمود،1988: الاتجاهات والميول العلمية في تدريس العلوم،الطبعة الاولى، المطابع التعاونية، عمان الاردن.
14. الساعدي،زينب جلوب قاسم ،2015: اثر انموذج ثيلين في تحصيل مادة الكيمياء والزكاء الاجتماعي عند طالبات الصف الثاني المتوسط ، رسالة ماجستر غير منشورة، كلية التربية للعلوم الصرفة ،ابن الهيثم ، جامعة بغداد، العراق.
15. السعدي ، فراس نبيل(2002): اثر المناقشة بتمثيل الأدوار في تحصيل تلاميذ الصف الخامس الابتدائي في مادة التاريخ الإسلامي ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية المعلمين ، جامعة ديالى.
16. السندي، ناز بدرخان عبدالله،2015: اثر تكامل الكرسي الساخن وورقه الدقيقة في تحصيل ماده حقوق الانسان لدى طلبه كلية التربية وتنمية تفكيرهم الايجابي،مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية ،جامعه بابل،العدد20
17. شحاتة, حسن و زينب النجار،2003: معجم المصطلحات التربوية والنفسية،الطبعة الاولى، الدار المصرية البنانية القاهرة.
18. الشكرجي, لجين سالم مصطفى محمد،2005: "اثر استخدام المجمعات التعليمية وفرق التعلم في التحصيل والاتجاهات نحو الجغرافية لطالبات الصف الخامس الاعدادي في مدينة الموصل،رسالة ماجستر ، غير منشورة، جامعه بابل-كليه التربيه".
19. الشمري, ماشي بن محمد،2011: 101 استراتيجية في التعليم النشط ، الطبعة الاولى. الملكة العربية السعودية.
20. شواهين, خير سليمان. التعلم الفعال،2019:عالم الكتب الحديث, أربد - الاردن.
21. صابر, تانيا نورالدين،2012: أثر إستراتيجيتي العروض التقديمية (P.P.T)والخرائط الذهنية في تحصيل طالبات الصف الثامن الأساسي في مادة العلوم الإجتماعية ودافعيتهن نحو التعلم،نامەی ماستر،بڵاونەکراوەتەوە، جامعة السليمانية، كلية التربية الاساسية.
22. الظاهر, زكريا محمد, جاكلين تمرجيان و, جودت عزت عبدالهادي،1999: مبادئ القياس والتقويم في التربية، الطبعة لاولى، دار الثقافة، عمان.
23. العاشقي, علياء صباح جاسم،2010: أثر أنموذج كارين في اكتساب المفاهيم الجغرافية واستبقائها لدى طالبات الصف الرابع الادبي ،رسالةماجستر،غيرمنشوره، الجامعة المستنصرية : كلية التربية الاساسية .
24. عبدالكريم, سعد خليفة،2016: "اثر استخدام استراتيجية الكرسى الساخن عبر تعليم العلوم في تنمية مهارات الحوار والاهتمام العلمى لدى تلاميذ المرحلة الاساسية في مصر، رسالةماجستر،غيرمنشوره ، مجلة جامعة أسيوط العلمية.
25. العبودي, علي جراد يوسف،2011: أثر أنموذج كمب ورايجلوث في اكتساب مفاهيم علم النفس التربوي ولاتجاة نحو المادة لدى طالبات كلية التربية للبنات، اطروحة دكتورا غيرمنشوره، جامعة بغداد.
26. عبيدات, ذوقان, عبدالرحمن عدس ,و كايد عبدالحق،1998: البحث العلمي مفهومه و أدواته وأساليبه، دار الفكر ، عمان .

27. العبيدي, فائزة احمد جاسم،2006: اثر استعمال طريقتي الاستكشاف الموجه والمناقشة الصفية في التحصيل الدراسي وتنمية الاتجاة العلمي لدى طلبة الصف الرابع الاعدادية، رسالةماجستر،غيرمنشوره ،جامعة بغداد: كلية التربية- ابن الرشد.
28. عزيز, كريم احمد،2021: ستراتيژە نوێیەکانی وانە وتنەوە،چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبەخشی نارین هەولێر.
29. عطية, محسن على،2008: الاستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال، دار صفاء للنشر والتوزيع عمان – الاردن.
30. علام, صلاح الدين محمود،2000: القياس و التقويم التربوى والنفسى- أساسياتة و تطبيقاتة و توجهاتة المعاصرة، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، مدينة النصر –القاهرة.
31. علي, محمد السيد،2011: اتجاهات وتطبيقات حديثة في المناهج وطرق التدريس، الطبعة الاولى، دار المسيرة ،عمان.
32. عودة, احمد،2001: القياس والتقويم في العملية التدريسية . الطبعة الثانية، دار الامل للنشر والتوزيع، أربد – الاردن.
33. الفقي, عبد الاه أبراهيم،2014: الاحصاء التطبيقي باستخدام برنامج spss.الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر والتوزيع: عمان – الاردن.
34. قطامي, يوسف،1989: سيكولوجية التعلم والتعليم الصفي،: الطبعة الاولى، دار الشروق عمان - الاردن.
35. الكبيسي, عبدالواحد محمد،2007: القياس والتقويم تجديدات ومناقشات ، الطبعة الاولى، دار جرير للنشر والتوزيع ،عمان – الاردن.
36. مجيد, سوسن شاكر،2014: أسس بناء الاختبارات والمقايس النفسية والتربوية، الطبعة الثالثة، مركز ديبونو لتعليم التفكير، عمان- الاردن.
37. محەمەد, خەڵات عبدولقەهار،2015: کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشك لەسەر دەستهات (دەستکەوت)ی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ئەدەبی کوریدا و گەشەپێدانی باوەڕبەخۆبوون و ئارەزوویان بۆ خوێندن و فێربوونی ئەدەب،نامەی ماستر،بڵاونەکراوەتەوە، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی پەروەردە.
38. المخزومي, ناصر،2001: "اتجاهات المعلمين في أقليم جنوبي الاردن نحو اللغة العربية وتدريسها في ضوء خبراتهم وجنسهم،رساله ماجستر، كلية العلوم التربية .
39. ملحم, سامى محمد محمود،2005: القياس والتقويم في التربية وعلم النفس، الطبعة الاولى، دار المسيرة، عمان – الاردن.
40. ملحم, سامي محمد،2000: القياس والتقويم في التربية وعلم النفس، الطبعة الاولى، دار المسير للنشر والتوزيع ،عمان – الاردن.
41. منسي, محمد عبدالحليم،2000: مناهج البحث العلمي في المجالات التربوية والنفسية، دار المعرفة الجامعية ، جامعة الاسكندرية ،جمهورية المصر العربية.
42. میکە، هەردی مەهدی(2010): هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی مێژوو لە خوێندنگە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی، زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت،(ماستەرنامەی بڵاونەکراوە).
43. ناصر،بيان فارس،2019: اثر استخدام الكرسى الساخن فى تحصيل و تنمية التعاطف التاريخى لطالبات الصف الاول المتوسط فى ماده الاجتماعيات،مجله ابحاث كليه التربيه الاساسيه ، العدد15
44. النور, احمد يعقوب،2007: القياس والتقويم في التربية و علم النفس، الطبعة الاولى، دار الجنادرية للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.
45. وەزارەتی پەروەردە ،2007: کۆنگرەی چوارەم ،لە ڕۆژانی 24-2007/5/25 بەسترا لە هەولێر
46. وەزارەتی پەروەردە ،2015: کۆنگرەی پێنجەم ،لە ڕۆژانی 9-2015/5/11 بەسترالە هەولێر
47. -الوكيل, حلمي أحمد ,محمد أمين المفتي،2007: أسس بناء المناهج وتنظيماتها، الطبعة الثانية،مطبعة حسان ،القاهرة – مصر.
48. Edwards, Allen Louis,1975: Techniques of attitudes scale construction, Appleeton century - Eroft first. New York .
49. Gronlund, Norman Edward,1965: Measurement &evaluation in teaching. New York: Mcmillan, -
50. Ed, West,2002: Strategic Literacy interactive ( Hot Seat Using Question Answer Relationships . tap 7. Cognitive Dimension.
51. schram, W,1961: The Process and Effects of Mass , Illinois.: Urbana University.